http://dx.doi.org/10.26750/jru.1002

# کاریگەری زمان لە سەر تێگەیشتن لە ئایین
## ( زمانی کوردی بە نمونە )

م.ی. بێستون ئەبوبەکر عەلی

**پێشەکی:**

ئاشکرایە زمان و ئایین، لقێکە لە لقەکانی زانستی زمانی کارەکی (Applied linguistic). وێڕای ئەوەش شێوازی نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە زمانەوە بۆ ئایین ڕۆیشتووە، ئەمەیش تا ڕادەیەك جیایدەکاتەوە لە توێژینەوە زمانەوانییەکانی پێشوتر کە لە زمانی کوردی و بیانیدا کراون، کە کاریگەری ئایینیان بە سەر زمانەوە شیکردووتەوە. ئەگەر هاتوو ئەم نوسینە جۆرە نامۆبونێکی تێدابوو، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، وەك گۆشەنیگای نوسەر بۆ لێکۆڵینەوەکە، یان بۆ ئەوەی کە ئەم بابەتە زۆر قوڵە و قسەی زیاتر هەڵدەگرێت، بۆیە بوار دەدات کە بیرمەندان و پسپۆڕانی بوارەکە دەوڵەمەنتری بکەن و لە گۆشەنیگای فراوانیانەوە، ڕۆشنایی زانستی زیاتر، لەسەر ئەم بابەتە بخەنەڕوو.

سەرەڕای ئەوەش لە ئەم توێژینەوەدا، دانە زمانییە کلتورییە کوردییەکان وەك کەرەستەیەك بەکارهاتوون، تا دووبارە خوێندنەوەیەنان بۆ بکرێت. واتە وردبونەوەیە لەسەر ئەو خونەریتانەی خەڵکی بە ناوی ئایینەوە دایناوە، ئاینیش دوورە لە ئەو خوونەریتانەوە، بەڵام لە ڕێگەی زمانەوە بە ناو کۆمەڵدا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر خوونەریتەکان گوازراونەتەوە، خەریکە بەتەواوەتی وەك ئایینی لێدێت.

ئەم توێژینەوەیە دەتوانرێت بگوترێت، تا ڕادەیەك خوێندنەوەیەکی هاوچەرخە بۆ کلتور و کەلەپورو زمانی کوردی، چونکە زمانی کوردی خاوەنی کلتور و نەریت و کەلەپورە و زمانەکەیشی هەڵگری واتای ئاینییە، لەبەر ئەوە لە دیدی زانستییەوە، لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین، ئەمە هەنگاوێکی زانستییە و ئاساییە لە داهاتوودا زیاد و کەمی تێدا بکرێت.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا بە وردی تیۆری سترۆتایپ شیکراوەتەوە، کە تیۆرێکە سەرەتا لە بواری هونەردا، دواتر دەروونناسی و پاشان لە بورای واتاسازیدا بەکارهاتووە و زیاتر


p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)

لە واتایەك بە دەربڕاوە زمانییەکان دەدات، تا لە ڕاستی واتاکان و مەبەستی سەرەکی دەقەکان نزیکتر ببێتەوە. بەشی دووەم، بەشی کردارەکییە (پڕاکتیکییە) و لە ڕێگەی دانەی زمانەوانییەوە شیکردنەوەی ورد بۆ تیۆرییەکە کراوە، لە کۆتایدا ئەنجام و پوختەی لێکۆڵینەوەکە و سەرچاوەکان نوسراونەتەوە.

**1/1) شیکارێکی بەراییانە بۆ تیۆری هەڵهێنێجانی چێوەدار (ستیرۆتایپ:stereotype theory)1**

گەردوون بەشێك لە واتا، یان پارچەیەك لە واتا پێکدەهێنێت، لە ڕێگەی زمانەوە فۆڕمی تایبەت بە بەشێك، یان پارێك لە واتا بۆ دەوربەرمان دادەنێین، لە ئەو ڕووەوە واتاکان دێنە نێو کۆمەڵ و بە دانەیەکی زمانی دەبن، دانە زمانییەکانیش (دەنگ، بڕگە، وشە، دەربڕاو، ڕستە، دەق) لە نێو کۆمەڵێکی دیاریکراودا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ئاڵوگۆڕدەکرێن و دەگوازرێنەوە. هەر سەردەمێکیش بەشێك لە وشە و دەربڕاوی نوێ دێتە ناو زمانەکە و جۆرێك لە نوێبوونەوە دێتەئاراوە، یان زمان و سەردەمەکە لەیەکتری نزیکتر دەکەنەوە، چونکە بەشێك لە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی کەرەستەکانی دەوروبەرەوە دروستدەبن، بۆ نمونە کاتێك کەرەستەکانی بەردەستی منداڵێکی کورد لە ساڵی (١٩٨٠) ـ کاندا، بە منالێکی سەردەمی ئێستا (٢٠١٧) بەراورد بکەین، کە تەلەفزیۆنی کۆنترۆڵ، ئەفلامکارتۆن، موبایل، ئایپاد، یاری پلەیسەیشن و ئێکسبۆکس..هتاد، لە بەردەستیدا هەیە، بیرکردنەوە و وشە و دەربڕاوی زیاتر لە نێو مێشکی منداڵاندا چەسپاندووە، ئەمە نمونەیەکی بچوکە و ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە، بیرکردنەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی کەرەستەکانی دەوروبەرەوە زیاتر دەبێت و ئاستی زانیاری فراوانتر دەبێت.

زاراوەی "سترۆتایپ" ((ئێستا لە زمانی ئینگلیزدا، وەك پۆلە ڕەگەزی (کردار و ناو) بەکاردەهێنرێت. بنچینەی وشەکەش بۆ زمانی فەڕەنسی دەگەڕێتەوە، لە پۆلەڕەگەزی (ئاوەڵناو) ە، لە ساڵی (١٧٩٨) دا، لە بورای هونەردا، بۆ لەبەرگرتنەوەی نیگار (تابلۆ) وەك خۆیی (کوتومت) هاتووە، هاوشانی ئەمەش لە ساڵی (١٨٥٠) دا، تابلۆی سترۆتایپ، بە واتای وێنەگرتنەوەی نیگار بە بێگۆڕانکاری هاتووە. ئەم زاراوەیە لە ساڵی (١٩٢٢) یشدا، بە واتای بیرۆکەیەکی تایبەت و خودی کەسێك، یان گروپێکی دیاریکراویش هاتووە.)) ٢

هاوکات لە فەرهەنگی (کامبریج)دا، نزیك لە پێناسەکانی تر بە کەمێك گۆڕانکارییەوە، زاراوەکە شیدەکاتەوە و دەنوسێت ((**سترۆتایپ، بە واتای بیرۆکەیەك، یان وێنەیەکی جێگردێت، کە لە لایەن کۆمەڵە کەسێکەوە (گروپێکەوە) لەسەر کەسێك، یان شتێك / بابەتێك خراوەتەڕوو، بەڵام لە ڕاستییەوە " واقیعەوە" دوورە**))٣. لە ئەم پێناسەیەدا جەختی زیاتر دەخاتە سەر ئەوەی کە لادانێك لە مەبەستە سەرەکییەکە هاتووەتەئاراوە، ئەم بیرکردنەوەیە ئەوەمان بۆ پشتڕاستدەکاتەوە، کە کۆبوونەوەی زۆرینەوەیەك لەسەر بابەتێك و تێگەیشتنیان لە بابەتێکی دیاریکراو، مەرج نییە ڕاست بێت، بەڵکو پێویستە بارودۆخەکە زیاتر وردبوونەوەی تێدابکرێت و لەگەڵ بنەمای گشتییەکە بەراورد بکرێت، ئەوکات بڕیاری لەسەر بدرێت.

سەرەڕایی ئەو شیکردنەوانەی سەرەوە، لە بواری زانستی زمانیشدا، پەیوەست بە شێوەی ئاخاوتنی مرۆڤەکانەوە، بە پێی توخمی (نێر و مێ) باسیلێوەکراوە و شێوەی ئاخاوتنی هەر توخمێکی (مرۆیی) بە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

"ستیرۆتاییپێك دانراوە، کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، بە شێوەیەك شێوەی ئاخاوتنی توخمی "نێر و مێ" هەر یەکە سترۆتاییپێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە ڕێگەی دەربڕاوە زمانییەکانەوە تاڕادەیەکی باش دیاریدەکرێت. واتە ((هەر لە مێژە سترۆتایپ، بە خەسڵەتەکانی هەریەك لە ئافرەتان و پیاوان تایبەت))٤ بووە.

یەکێك لەسەرچاوە (کتێبە) گرنگەکانی بواری ڕاگەیاندن، کە بە ناونیشانی (پەروەردە و ڕاگەیاندن) بەوردی چەمکی سترۆتایبی باسکردووە، بە ئەم شێوەیە پێناسەی کردووە٥:

١. چەمکێکی وەرگێڕدراوە لە بواری چاپکردن و چاپەمەنیدا، بە واتای ئەو ئامێرەی کە بۆ بەرهەمهێنان، یان بە واتای لە بەرگرتنەوەی وێنەیەك لەسەر هاوشێوەکەی خۆیی هاتووە.

٢. ئەم چەمکە بە واتا کورتکردنەوە، یان وێنەگرتنی ئارەزووی مرۆڤێك هاتووە، یان بۆ ئەوەی زانیارییە هەستییەکان (ئەو شتانەی مرۆڤ درکی پێدەکات) پوختی بکات و کورتیبکاتەوە، بەکارهاتووە. وێڕای ئەوەش بۆ دانانی وێنەی مرۆڤ، یان هزرەکان و ڕووداوەکانی لە چێوەیەکی گشتیی نەگۆڕدا بەکارهێنراوە، بە جۆرێك ئەم چێوە گشتییە لە وێنەکردنێکی بیروڕا و بۆچوونێکی سانا، یان ساتێکی سۆزداریی، یان بڕیارێکی بەپەلە و بێبەرنامە کە نوسراوەتەوە، بە جێگیری بمێنێتەوە و کاری پێبکرێتەوە ـ بەکارهاتووە.

٣. سترۆتایپ: مەبەست لە دروستکردنی وێنەیەکی هەڵهێنجراوە (سترۆتاییپیە)، کە کارێکی ڕاگەیاندنییە، بە مەبەستێکی بێلایەن داڕێژراوە، بۆ پیشاندان و کورتکردنەوەی وێنە گشتییەکەی کۆمەڵگا، یان بۆ شێواندنی وێنەی تاك، یان گروپێکی دیاریکراو، کە لە ئەنجامی پەرچەکرداری بینەرەوە دروستبووە.

٤. سترۆتایپ: لە بواری ڕاگەیاندا بە مەبەستی شیواندنی ڕاستییەکان بەکارهێنراوە، کە وێنەی بارودۆخی (واقیع) کۆمەڵگا بە شێوەیەکی خراپ دەگوازێتەوە، کە زۆرجار پێوەندی بە کۆمەڵگاوە نییە، بەڵام ئەم وێنە خراپە هەوڵدەدرێت بچەسپێنرێت. واتە لە ڕێگەی وێنەیەکەوە، ڕاستییە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگا ــ ئاوەژوو دەکرێتەوە.

وەك دەبینین لە پێناسەکاندا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە "سترۆتایپ" مەبەستی لە تێگەیشتن و هەڵهێنجانی واتاییە، بە وێنە و بە گوزارشتکردن، بەڵام بە بێگۆڕانکاری بگوازرێتەوە، زۆرجار ئەم گواستنەوە و تێگەیشتنە نەگۆرە بۆ ئامانجێکی باشی بەکارنەهێنراوە، بەڵام توانوییەتی کاریگەری خۆی دابنێت. ئاشکرایە کە زۆرجار ئەم جۆرە تێگەیشتنە هەڵهێنجراوانە (سترۆتاییپیانە)، لە بارودۆخە سەرەکییەکەوە (واقیعەکەوە) دوورکەوتووەتەوە و تەنانەت پێچەوانەی بارودۆخە ڕاستییەکە بووە، بەڵام لە بەر جوان گواستنەوە و بەهێزی توانیویەتی دەوری خۆی و ئامانجی خۆی بپێکێت، بۆ نمونە کاتێك تەماشای وێنەی (١-٢) کە لەخوارەوەیە دەکەین، باسی بارودۆخی ڕاستەقینە ناکات. واتە نازانرێت وێنەکە واقعیع وەك خۆی دەگوازێتەوە، یان بەپێچەوانەوە، بەڵام هەر سەرنج ڕاکێشە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)





**((وێنەی (١) شێوەی بیرکردنەوەی ستیرۆتاپییانە))  ((وێنەی (٢) بڕیاردان)) 6**

**کاتێك لە تەماشاکردنی وێنەکان بووینەوە، چەندین واتای کۆمەڵایەتی و بڕیاردان بە بیری مرۆڤدا دێنێتەوە، بۆ نمونە ئەو گروپانەی (ئەو کەسانەی) کە هێمای هەڵە لە پشتەوە بۆ خەڵکی دادەنێت، وردە وردە خۆیان دەخەنە چێوەیەکی شوشەیی تەسکەوە، ئەوانەیشی لە چێوەیەکی تەسکدا بیردەکەنەوە، وردە وردە هێمای هەڵە لە گروپ و کۆمەڵەکانی چواردەوریان دەدەن. واتە پێوەندی نێوان ئەو دوو وێنە زۆر تندوتۆڵە و هەر یەکێکیان واتای ئەوی تر تەواودەکات.**

**لە یەکێك لە سەرچاوە بیانییەکانی تردا هاتووە، دەڵێت: ((وا باشترە بۆ ئەوەی لە ستیرۆتایپ تیبگەین، پێویستە ڕەچاوی ئەم سێ بنەمایەی لای خوارەوە بکەین، کە بۆ کارکردن لە سەر بواری دەروونناسی و کۆمەڵایەتی ستیرۆتایپ ڕێنیشاندەردەبن، ئەم سێ بنەمایە لە ڕووی پلە بەندییەوە بە دەگمەن ( یان بە هیچ شێوەیەك) قسەیان لەسەر نەکراوە، کامیان بەهێزترن، یان لاوازترن، بنەماکان بە ئەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو))٧**

**بنەمای یەکەم: مەبەست لە بەکارهێنانی ستیرۆتایپەکان، بۆ ڕوونکردنەوەیە.**

**بنەمای دووەم: ستیرۆتایپەکان وەك ئامڕازێك بۆ پاراستنی توانا (energy-saving) بەکاردەهێنرێت.**

**بنەمای سێیەم: ستیرۆتایپەکان، بریتییە لە ڕێکەوتن، یان بیروڕای کۆمەڵێك لە سەر بابەتێك.**

**بنەمای یەکەم زیاتر ((مەبەستی لە بەکارهێنانی ستیرۆتایپەکان، بۆ ڕوونکردنەوەیە. ئامانج لەم بنەمایە ئەوەیە کە هەڵهێنجانەکان "ستیرۆتایپەکان" لە بنەڕەتدا (لەبنەمادا) پێویستن بۆ ئەوەی لە بارودۆخێك ئاسان تێبگەین. بنەمای دووەمیش هەڵهێنجانەکان "ستیرۆتایپەکان" وەك ئامڕازێك بۆ پاراستنی توانا بەکاردەهێنرێت، ئامانج لەم بنەمایە ئەوەیە کە "ستیرۆتایپەکان" لە لە بنەڕەتدا پێویستن، بۆ کەمکردنەوەی ئەرك لەسەر ئەو بەشەی کە کاریان بیرکردنەوەیە و هەڵهێنجانە. بنەمای سێیەم: هەڵهێنجانەکان"ستیرۆتایپەکان" بریتییە لە ڕێکەوتن، یان بیروڕای کۆمەڵێکە، کە لەسەر بابەتێك ڕەزامەندبوونیان دەربڕیووە)) ٨. ئامانج لەم بنەمایە ئەوەیە کە ستیرۆتایپەکان پێویستە لە بنەڕەتدا هەبن، لە ئاستێکدا کە ڕوانینە جیاجیاکان ڕەزامەندیان لەسەر درابێت (قبوڵکراوبێت)، یان پەیوەندیداربێت بە بنچینەی هەستپێکردن و زانینی گروپە کۆمەڵایەتیەکانەوە. واتە جۆرێك لە هاوبەشی زیاتر بە نێو**


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

كۆمەڵدا بڵاوبكەنەوە، بۆ نمونە وەك، یان تێگەیشتنێكی "مەزهەبێكی" ئایینی بۆ بابەتێك، یان دروستكردنی لایەنێكی ڕامیاری، كە كۆمەڵێك بڕیارِ لە دروستكردنی دەدەن، یان كەسێك دروستی دەكات و كۆمەڵێكیش پەیڕەویدەكەن و شوێنی دەكەون.

**١-١/١) پوختەی كۆباسی تیۆری هەڵهێنجانی چێوەدار (سترۆتایپیانە)**

ئەم تیۆرە، لە چەندین بواردا بەكار هاتووە، ئەمەیش وایكردووە، لە هەر بوارێكدا واتایەكی تایبەت بە خۆی هەبووە، لێرەدا بە كورتی واتاكانی "ستریۆتاپ" دەخەینەڕوو.

**ا.** گواستنەوەی شێوەی نیگار (تابلۆ) بێگۆڕانكاری، لە شوێنكەوە (لە دۆخێكەوە) بۆ شوێنكی (دۆخێكی) تر.

**ب.** وێنەگرتنی بیروبۆچونێكی هەڵە لە سەر كەسێك، یان گروپێك و بڵاوكردنەوەی ئەو بیروبۆچوونە دەگرێتەوە، یان بۆ ڕوونكردنەوە و دەرخستنی توانا خودی، یان گروپێكی دیاریكراو بە كارهاتووە. یان بۆ لە یەكتری نزیكردنەوەی بۆچوون و ئاڕا جیاوازەكانی گروپ و كۆمەڵە جیاوازەكان، كە لەسەر بیروباوەڕە ڕاستی و گشتییەكان دەربڕاوە ـ بەكارهاتووە.

**پ.** لە بواری زانستی زمانیشدا، زاراوەی "ستیرۆتایپ " بۆ تایبەتمەندی ئاخاوتنی توخمەكان (نێر و مێ) بەكارهێنراوە. ئەم هێڵكارییە، كە پەیوەستە بە تێگەیشتن لە ئایین لە لایەن كلتورەوە، هاوكات پوختەی كاركردنی تیۆریی هەڵهێنجانی چێوەدار "ستیرۆتایپ"یشە، كە ئەم لێكۆڵینەوەی لەسەر بنیاتنراوە.




**((هێڵكاری ژمارە (١) پەیوەستبوونی ئایین و زمانی كوردی بەپێی تیۆری ستیرۆتایپ ))9**

ئەگەر تەماشای هێڵكاری ژمارە "یەك" بكەین ، بە سەهمی دووسەرە بە یەكتری گەیەنراون و ئایین و كلتوری پێكەوە بەستوەتەوە، هەمووكات سەرچاوەی ئایین لە ناو كلتورەوە بە جۆرێك لە جۆرەكان بە ئایینەوە بەستراوەتەوە. هێڵكارییەكە بە وردی باسی چۆنییەتی وەرگرتنی ئایین لە لایەن كلتورەوە


p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)

دەکات، زۆربەی تێگەیشتنە ئاینییەکان لەسەر ئەو بابەتانەی کە بیروڕایی جیاواز دەگرێتەوە، لە ئەو هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو، بە شێوەك بازنەی هێمایی ئایینی کە بۆ ناو کلتور دێت، دواتر دەکرێتە هێمای زمانی بۆ ئاخێوەرانی ئەو کلتورە، هەموو کات ئاستی بازنە کلتورییەکە، لە ئاستی بازنەی "هێمایی" ئایینییەکە نزمترە، مەبەست لە نزمتر ئەوەیە لە ڕووی واتاییەوە شیکردنەوە زمانییەکان بۆ واتا و چەمکە ئاینییەکان پڕاوپڕ نییە ــ ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، هیچ کلتورێك و زمانێك نەیتوانیوە بە تەواوی و هاوئاست، واتاکانی نێو ئایین بۆ ناو میللەتەکەی خۆی بگوازێتەوە، ئەم ئەنجامەی ئێستایش جۆرێك لە نەرمی بەئایین دەداتەوە، کە بازنەی پێکەوە ژیان گەورەتر دەکات و بیروڕا جیاوازەکانیش بەرامبەر یەکتریی ئارامتر دەکاتەوە. وادەکات دیدە جیاوازەکانیش هەوڵبدەن پێکەوەبوون بخەنە پێش لە یەکتری ترازانەوە، بە مەرجێك بە چاویلکە و تێڕوانینێکی شیاوانە لە ئایین وردبینەوە، نەك بۆ ئامانجی دیاریکراو بێت، ئەوکات دەتوانیین ئەوە بڵێین: دروستبوونی مەزهەبەکان و بیروڕای ئەو پیاوە گەورانەش، تێگەیشتنێکە لە ئایین، نەك ئەوەی هەموو ئایین بێت.

لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپێی تیۆری هەڵهێنجانی چێوەدار(سترۆتایپی)١٠، لە سەر چەمکە ئاینییە سەرەکییەکان کاردەکەین، کە لە ئایندا هاتووە و باسکراوە، بەڵام کاتێك ئەم چەمکە ئاینیانە هاتونەتە نێو کلتوری کوردییەوە، بە شێوەیەکی تر هەڵهێنجانی (ستریۆتایپی) واتای بۆ کراوە، کە لەگەڵ واتای سەرەکی ئاییندا زۆر باش نایەتەوە، لێرەدا ئەو دەربڕاوانە شیکردنەوەی تێدا دەکرێت و هەڵهێنجانی نزیکتر لە واتا ئایینیە سەرەکییەکەوە "قورئان" دەخرێتەڕوو، بە واتایەکی تر، دوو واتای ستریۆتایپی دەخەینە پێشچاو:

یەکەم: واتای هەڵهێنجراوی چێوەدار (سترۆتایپ)ی کلتورییە، کە هەندێك جار هەڵهێنجانەکەی دوورترە لە واتا سەرەکێکەوە (قورئانەوە).

دووەم: واتای هەڵهێنجراوی چێوەدار (سترۆتایپ)ی زانستییە(واتای نوێیە)، کە واتاکەی زۆر نزیکترە لە واتا سەرەکییە ئاینییەکەوە، هەر دوو جۆرە واتاکە لە نێو کلتوری کوردیدا باسدەکەین، بەپێ دانە زمانییەکانی ناو توێژینەوەکە، هەردوو جۆرەکە لە ئەنجامدا بەراورد دەکەین.

### 1/2) بەهای ئایین لە نێو مرۆڤایەتیدا

کاتێك باسی مرۆڤ دەکەین، ئەم مرۆڤە هەموو کات پێویستی بە هێزێکی تر هەبووە بۆ ئەوەی خۆی پێبسپێرێت، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە کە گەردونی تێدا بچووککراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەیش لە ئاییندا هاتووە کە خودا (**ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کردووە**). واتە زانست و ناوەکان پێش ئادەمیش هەبوون، بەڵام توانای بە ئادەم داوە ناوەکان بزانێت و تێگەیشتنی لە ڕێگەی ناوەکانەوەیە، لە ڕێگەی زمانەوە ناوەکان فێردەبێت ناو لە کەرەستەکانی دەوروبەریشی دەنێت. لێرەوە گێڕانەوەی ئایینی پێمان دەڵێت: زمان لە ئادەمەوە بۆ مرۆڤەکانی تر، نەوە دوای نەوە گوازراوەتەوە. ئادەم سەرەتای بوونی مرۆڤە و سەرەتای زمانی مرۆڤیشە، کە پێش ئادەم ـ ئادەمی تر وەکو ئادەم قسەیکردبێت ــ نەبووە. ئاشکرایە هاوسەری ئادەمیش (حەوا) بووە، کە ئادەم وەك مرۆڤ ئاخاوتنی لەگەڵ کردووە. لێرەوە دەتوانرێت ئەوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەڵبهێنجرێت "**سترۆتاپیپیانە**"، کە ئادەم دوای ئەوەی زمانی فێرکراوە و توانای ناونانی هەبووە، ڕاستەوخۆ ڕێنمایی ئاینیشی پێدراوە و بەپێی ئەو ئایینە ژیانی بەڕێکردووە، ڕێنمایی ئاینیشی بەخێزانەکەی (حەواو منداڵەکانی) خۆی گەیاندووە.

ئەو ئایینەی بۆ ئادەم هاتووەتەخوارەوە، بۆ خۆی و خێزانی و نەوەکانی بووە، بە پێی ئەو ئایینە، نزا و پاڕانەوەکانیان کردووە، ناکۆکی و تێنەگەیشتن لە نێو بەکارهێنانی زمانی (بیرکردنەوە و تێگەیشتنی) ئەو سەردەمەیشدا هەبووە. کاتێك دووبراکە (کوڕەکانی ئادەم) گفوتۆگۆیان کرد، یەکێکیان (قابیل) زمانەکەیبەپێی (تێگەیشتن و هەڵهێنجانی ئایینی) ئایین کاریگەربوو، ئەوی تریان (هابیل) زمانی (**تێگەیشتنی**) بەپێی هزر و ئاوەزی خۆی و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریهێناوە. ئەمەیش ئەوەمان پێدەڵێت: لە سەرەتای دنیاوە دووجۆر زمانی ئاخاوتنی ناوەڕۆکدار هاتووەتەئاراوە، زمانێك (**هەڵهێنجانێك**) کە کاریگەرە بەئایین و زمانێك (**تێگەیشتنێك/ هەڵهێنجانێك**) دەیەوێت لە ژێر کاریگەری و فەرمانی ئایینی، ئەگەر تەنیا بۆ یەکجاریش بێت ـ بێتەدەرەوە١١. وەك دەبینین، ئایین ڕۆڵێکی گرنگی لە بەکارهێنانی زمان بینیووە، کاتێك بە هۆی زمانەوە نەیانتوانیووە یەکتری ڕازیبکەن و لەیەکتری بە ئەو شێوەی خودا پێی باشە ڕێکبکەون، یەکەم کرداری کوشتن ڕوویداوە، لێرەوە ڕۆڵ و گرنگی و بەهای بە کارهێنانی زمان بۆ دانوسانەکانی ئێستایش زیاتر ئاشکرا دەبێت، ئەگەر دانوسانەکان بە هۆی گفتوگۆکانەوە بە ئەنجام نە گەیشتن، دووبەرەکی و جەنگ و کوشتن دێتەئاراوە. ئەم بەسەرهاتانە، کە ئایینەکان بۆ ئێمەی دەگێڕنەوە، ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی زمان لە نێو کۆمەڵدا باسدەکەن، کە چەند کاریگەر و بە بەهایە، ئایین لە نێو مرۆڤدا لە کۆنەوە بەهایی خۆی هەبووە، بەهاکەیشی لە ڕێگەی زمانەوە زیاتر دەیزانین، لە بەرئەوە وردتر لە "**بەهای زمان لە نێو ئاییندا**" شیکردنەوە دەکەین.

**٢/١) بەهای زمان لە نێو ئاییندا**

هیچ ئاینێك نییە بە بێ زمان لە نێو خەڵکیدا بڵاوکرابێتەوە، نەك تەنیا بڵاوکردنەوەی، بەڵکو ڕوونکردنەوە و باوەڕهێنانیش زۆربەی کات (جگە لە کەڕولاڵەکان، یان نابیستەکان) لە ڕێگەی زمانەوە کراوە و دەکرێت. گێڕانەوەی مێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی ئایینەکانیش لە ڕێگەی زمانەوە بە ئێمە گەیشتووە و ئێستا دەتوانین قسەی لەسەر بکەین، ئەمەیش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە زمان دەورێکی گرنگ و کاریگەری تایبەت بەخۆی هەیە و زۆرجاریش بەهۆی بەها و دەوری زمانەوە (ئەو زمانەی کە ئایینی پێ یاداشتکراوە، بە زمانی پیرۆز ناونراوە)١٢، لە کاتێکدا لە ڕووی زانستی زمانەوە، زمانێك نییە پیرۆز بێت و زمانێکیش هەبێت پیرۆز نەبێت، بەڵکو زمان ئامڕازێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە کە بەکاریدەهێنێت، بۆ ئەوەی بەئاسانی ژیان بە ڕێبکات، هەموو ئەمانەیش کە لەسەرەوە بە کورتی ڕوونکرانەوە، بەها و گرنگی زمان لە ژیانی ئایینی مرۆڤدا دەخەمڵێنن.

ئاشکرایە، کاتێك نێردراوی خودا "محەمەد (د.خ)"سروشی بۆهاتووە، بارگرانییەکی پێوەدیاربووە، هەندێك کات ئاسەوارەکەی دوای هاتنی سروشەکە هەرماوەتەوە، بۆ نمونە کاتێك خودای گەورە بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (ئەی ئەو کەسەی خۆت داپۆشیوە، یان ئەی ئەو کەسەی خۆت پێچاوەتەوە ـ هەستە)١٣، کە بە پەیامبەر دەڵێت: هەستە لە ژێر کاریگەری سروش وەرە دەرەوە و لە شەودا زیاتر خۆت


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەرەوەردە بکە، چونکە ئەرکەکەتان زۆر قورسە. واتە کاتێك سروشی بۆ هاتووە، بارودۆخی ئاسایی نەبووە، قورسایەکی زۆر لەسەر لاشەی هەبووە، ئەم جۆرە قورساییە، دەتوانرێت بە زمانی ئاماژەی چڕبوونەوە"تەرکیز" ناوبنرێت. ئەگەر ئەم بابەتە سادە بکەینەوە، کەسێك بیەوێت توێژینەوەیەك بکات مێشکی قورساییەکی پێوە دیارە، بەڵام دوای تەواوکردنی بیرۆکەی نێو مێشکی هەست بە ئاسودەیی و خاوبوونەوە دەکات، هەرچەندە دەبێت ئەوە بزانین، کە سروش زۆر جیاوازترە لە "تەفکیر" بیرکردنەوە. هاوشانی ئەوە لای ئێمەی مرۆڤ ئەو جۆرە زمانە ئاماژە سروشییە چالاك نییە/ نەکراوە، بۆ ئەوەی ئەو زمانە خەڵکی لێیتێبگات، بە زمانی مرۆڤ و لەسەر دەمی پێغەمبەرەوە (د.خ) گۆکراوە و دواتر لەبەرکراوە و نوسراوەتەوە. ئێمە کاتێك زمانی سروش هەڵگر" قورئان" بە زمانی خۆمان لێکدەدەینەوە، مەرج نییە پڕاوپڕی واتای سروشەکە بێت، هەر لەبەر ئەمەیە چەند جۆر تێگەیشتنی جیاوازمان لەسەر ئاینی ئیسلام هەیە، کە یەکێکیان لە ئەوی تریان نزیکترە لەسەرچاوەکەوە. لێرەوە ڕۆڵ و "کاریگەری زمان بۆ تێگەیشتن لە ئایین"ـ مان، بۆ دەردەکەوێت.

**٢/٢) کاریگەری زمان لە سەر تێگەیشتن لە ئایین**

ئایین بەرنامەیەکی تایبەتە بە ژیان لەسەر زەوی، لە ڕێگەی خوداوە لە شێوەی نیگا بۆ یەکێك لە مرۆڤەکان نێردراوە و لەڕێگەی زمانەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەو مرۆڤانەیش پەیامی ئاسمانیان بۆ هاتووە، بە (نەبی، ڕەسول، نەبی و ڕەسول) ناونراون، بەڵام لە زمانی کوردیدا وشەی (پێغەمبەر، پەیامبەر، نێردراو، خۆشەویست، پێشەوا..هتاد) بۆ دانراوە و شوێنکەوتوانیشی چەندین ناوی تریان بۆ ئەوانە داناوە، کە پەیامی ئەوان بۆ خەڵکی ڕووندەکەنەوە و ئەوانەیشی لەسەر ئەو ئایینە ژیان بەڕێدەکەن، یان خەڵکی لە ئایینەکە تێدەگەیەنن بە ئەم شێوەیە لە نێو کۆمەڵدا بە کۆمەڵێك ناوی (مەلا، مامۆستا، شێخ، قەشە، هاخام،..هتاد) ناو دەبرێن.

وەك دەبینین چەندین ناو و نازناوی لە زمانی کوردیدا بۆ دانراوە، ئەو ناونانەیش کە لە زمانی کوردیدا هەیە، جۆرێکە لە تێگەیشتن و قوڵبوونەوەی جیاواز کە لە ئاییندا کراوە و لە ڕێگەی زمانەوە خراوەتەڕوو.

ڕۆڵی زمان بۆ تێگەیشتن لە ئایین زۆر ئاڵۆز و قورسە، ئێمە لێرەدا یەك نمونە وەردەگرین، کە لەڕێگەی زمانەوە تێگەیشتنێکی دروستبووە بەرانبەر ڕووداوێك، پاشان ئەو تێگەیشتنە بە کردەوە کراوە، بەرامبەر ئەو تێگەیشتنە تێگەیشتنێکی تر هەبووە، کە دژی ئەمەی تر بووە، لە ئەنجامدا شەڕێك بەرپا بووە، تا ئێستایش ئاسەواری ماوە، زۆربەی بیرۆکەی شەڕەکە بۆ ئەم سێ ڕستە لۆژیکی و بەڵگەییانە (سیلۆجیزم)١٤ و هۆکاری تریش دەگەڕێتەوە، بەڵام لێرەدا تەنیا باسی ڕۆڵی زمان بە کورتی دەکرێت١٥:

ا. دەڵێن: عەلی مژدەی بەهەشتی پێدراوە.

ب. دەڵێن: ئەوەی دژایەتی عەلی بکات، دژایەتی یارێکی پێغەمبەری کردووە.

❖ هەندێك لە لایەنگران ئەوە هەڵهێنجاوە"سترۆتاییپیانە": مەعاویە دژایەتی عەلی دەکات، کەواتە: ...

ا. دەڵێن: عوسمان مژدەی بەهەشتی پێدراوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ب. دەڵێن:** مەعاوییە، داوای خوێنی ڕژاوی عوسمان دەکات. کەواتە پشتیوانی لە یاوەرێکی پێغەمبەر کردووە.

❖ **هەندێك لە لایەنگران ئەوەیان هەڵهێنجاوە"سترۆتاییپیانە" دەبێت بەڕەنگاری عەلی ببنەوە، چونکە ...**

ئایینی ئیسلام، ئەم دووجۆرە تێگەیشتنە ستریۆتاییپیانیە، ئەگەر نیازی پاکیان هەبووبێت، بە دوو تێگەیشتنی هەڵهێنجراو دادەنێت (ستریۆتاییپیانە). واتە هەردووکیان دوو تێگەیشتنن هاوشانی ئایین دێنەوە، ئەگەر چی جیاوازیش دیارن، چونکە لە تەرازوی ئەودنیا ئاسان دەزانرێت کێ لەسەر ڕاستیەو کێ لە ڕاستی باش تێنەگەیشتووە، هاوشانی ئەوەیش لە ئەو سەردەمە لە هەردوولا هەندێك کەس کە مژدەی بەهەشتیان پێدرابوو، هەندێکی تریشیان بێلایەنیان هەڵبژارد و لەجەنگدا بەشەدار نەبوون. وێڕای ئەو ڕووداوانە، ئەوەی بۆ ئێستا گرفتە ـ ئەوەیە، ئێستا بە هەمان تێگەیشتنی ئەو دووبەرەی جەنگەکە "ستریۆتاییپیانە" بیربکەینەوە و دژی یەکتر بووەستینەوە، ئەوکات کارەکە قورستر دەبێتەوە.

**٢/٣) هەڵهێنجانی چێوەدار (سترۆتاییی) پەیوەست بە دەوروبەری زمانییەوە**

کاتێك باسی تێگەیشتن و بیرکردنەوە لە ڕێگەی دەوروبەری زمانییەوە دەکەین، کە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، چۆن بیر دروست دەبێت و چۆن بیرۆکە لە نێو مێشکدا دادەڕێژرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ((**زمان تاکە هۆکارە، کە پێیەکی لە مێشك‌و ئاوەزی مرۆڤدایەو پێیەکەی تریشی لە دەرەوەی مرۆڤدایە و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەزو جیهانی دەرەوەیە بەیەکترییەوە، لەبەرئەوەی زمان هەم هۆکارو هەم سەرچاوەی مرۆڤسازی و ژیانسازییەو ئەرکی گەورەتر و کرۆکیتر لەوە دەگێڕێت**))١٦. توێژەر کاتێك دەڵێت: زمان تاکە هۆکارە، لە پەراوێزی لێکۆڵینەوەکەیدا ئەستێرەیەکی ڕوونکردنەوەی لەسەر (**زمان تاکە هۆکارە***) داناوە، ئەمەیش وردی بیر و بیرکردنەوەی توێژەرمان بۆ دەردەخات، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هۆکاری تریش هەیە. یەکێك لە هۆکارەکانی تر (زمانی ئاماژە)یە، چونکە ئەم جۆرە زمانە بۆ توێژێکی کۆمەڵ زۆر گرنگە، بۆ نمونە کاتێك کەسێك لە منالییەوە هەستی بیستنی کارا نەبوو (ئەم جۆرە مرۆڤانە کە لە ئەم شێوەیەن بە ژمارە زۆر نین، لە زمانی کوردیدا بە کەڕولاڵ، یان نابیستەکان ناونراون) ناتوانن زمانیان وشە و دەربڕاو دەربڕن، بەڵام ئەم جۆرە کەسانە خاوەنی هەست و ژیری و تەنانەت ئاینیشن، ئەمەیش وامان لێدەکات بڵێین زمان: بە شێوەیەکی گشتی (ئاخاوتن و زمانی ئاماژە) گرنگترین ئامرازی دەستی مرۆڤە، کە مرۆڤ ناوەوەی خۆیی و دەرەوەی دنیای پێکەوە پێببەستێتەوە. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: هەردوو شێوە دیارەکەی زمان کە بریتین لە ئاخاوتن و ئاماژەکان، گرنگترین ئامرازی دەستی مرۆڤن، کە دەتوانێت خۆی بە دەوروبەرەوە ببەستێتەوە و لە نێو کۆمەڵدا هەڵبکات.

وێڕای ئەوەیش بۆ تێگەیشتن لە ئایین و بڵاوکردنەوەی ئاینیش _ زمان، یەکێکە لە بەهێزترین هۆکارەکان کە ئایینەکان بە درێژایی مێژوو بە کاریان هێناوە. دەوربەری زمانی، لە نێو پرۆسەی تێگەیشتن لە ئایین دەورێکی بەهێزی هەبووە، ئەمەیش وایکردووە، تێگەیشتنی جیاواز جیاواز، لەیەك دەق، فەرموودەیەك، بەسەرهاتێك، بێتەئاراوە. ئەم تێگەیشتنە جیاوازانەیش زۆرجار کۆمەڵی بچوك و گەورەی دروستکردووە١٧، کە تێگەیشتنی جیاوازیان لە خەڵکە گشتییەکە هەبووە، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، لە ئاییندا تا چەند ڕێگە بە جیاوازی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی جیاواز دراوە، بۆ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نمونە یەکێك لە شارەزایانی ئایین دەفەرموێت: ((لە ئایینداسێ بەشی گرنگ هەیە، یان ئایین سێ بەشە، ڕێگەپێدراو (حەڵاڵ) و ڕێگەپێنەدراو (حەرام) بە تەواوی جیاکراوەتەوە، بەشی سێیەم باسلێنەکراوە، مرۆڤ دەتوانێت بەپێی خەملاندن و بۆچوونی خۆیی بە پێوەری باوەڕپێکراو بڕیاری لەسەر بدات، وەك لە زانستی "فیقهدا" بڕیاری لەسەر دراوە (بە بۆچوون و تێگەیشتنی جیاوازەوە)، بۆ نمونە لە بابەتی دەستنوێژ لە ئایینی ئیسلامدا، بە بێدەستنوێژ، نوێژ ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام لە چۆنییەتی بێدەستونێژیدا ڕای جیاواز هەیە (باسلێنەکراو))، لەسەر هەریەك لە ئەو ڕایانە بێت، دەتوانرێت هەندێك کات کاری پێبکرێت و هەندێك کاتیش کاری پێنەکرێت، یان کۆمەڵێك کاری پێبکات و کۆمەڵێك کاری پێنەکات، بە مەرجێك ئەوەی کاری پێدەکات، ئەوانی تر کەکاری پێناکەن - تاوانبار نەکات))١٨. لێرەدا جۆرە نەرمییەکی زۆر ورد و جوان دەبینرێت، ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەدا بکرێت بە کردەوە، ئێمەیش هەندێك لە ئەو بابەتانەی کە لە نێوان ئەو دوانەدایە و باسلێنەکراوە، شەنوکەو و دەکەین، پەیوەستی دەکەینەوە بە تێگەیشتنێکی وردەوە و ڕاستییەکان (تێگەیشتنێکی تر لە بابەتەکان) دەخەینەڕوو.

**٢/٤) هەڵهێنجانی چێوەدار (سترۆتایپپیانە) لە دەربڕاوی زمانی کوردیدا**

لێرەدا زیاتر تیۆرییەکە دەخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، یەکێك لە دانە زمانییەکان وەردەگرین، ڕوونکردنەوە و هەڵهێنجانی جیاوازی چێوەداری لێهەڵدەهێنجین:

**١. ڕەنگی سەوز:** ئایین کاتێك باسی بەهەشت دەکات، باسی ڕەنگی بەهەشت دەکات، کە سەوزێکی تێرە، یان وشەی (جەنەت) بە واتای دار دێت و داریش یەکێك لە ڕەنگە باوە گشتییە جیهانییەکەی بریتییە لە ڕەنگی سەوز، ڕەنگی سەوز ((بە واتای ژیان و ژیانەوە هاتووە، سەرچاوەی ئەم واتایەیش لە ئەوەوە هاتووە، کە ڕەنگی گەڵای دار و درخت سەوزە، ئەمەیش سەرچاوەی ژیانە بۆ درەختەکە و گیانلەبەرانی دی، ئەم ڕەنگە بەڕەنگی بێلایەن ناسراوە))١٩. وەك ئاشکرایە لە ئەم دەقە وەرگیراوەی سەرەوەدا جەخت لەبێلایەنی ڕەنگی سەوزیش دەکاتەوە، بەڵام ئەم ڕەنگە لای مەسیحییە کاسۆلێکییەکان ڕەنگێکی پیرۆزە، هاوشانی ئەوەیش لای ئیسپانییەکان واتای ناموس دەگەیەنێت٢٠. دەبینین لای ئایینی مەسحیش ئەم ڕەنگە پیرۆزە، لە نێو هەرێمی کوردستانیش کاتێك کە سەرما و سۆڵەیی زستان تەواو دەبێت، وەرزی بەهار دێت، کە وشەی بەهار لە نێو تێگەیشتنی تاکی کوردستاندا، زۆربەی کات بە ڕەنگی سەوز و زیندبوونەوەی خاك تۆمار کراوە، ئەم هۆکارانە بەگشتی و هۆکاری ئاینیش (لای موسڵمان و مەسیحیش) وایکردووە، ئەم ڕەنگە جۆرێك پیرۆزی ئایینی وەرگرتووە، بۆ نمونە:

١.ڕەنگی مزگەوتەکان، ڕەنگی سەوزی زۆری تێدا بەکاردەهێنرێت.

٢.تەبڕوکی (تەبەڕك) نزرگەکان، کە قوماشێکی سەوزە، تەنانەت گۆڕەکانیش بە قوماشی سەوز داپۆشراوە.



**((وێنەی ژمارە (٣) تەبەڕك))**

٣. ڕێبازی قادری، لە کوردستان ڕەنگی سەوزی وەك ڕەمزێکی تایبەتی بۆ خۆیان هەڵبژاردووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەك لەسەرەوە خرایەڕوو، سەوز ڕەنگێکە کەسەرچاوەکەی بۆ نێو ئایین وکلتوریش دەگەڕێتەوە، هاوشانی ئەوەیش لای میللەتی کورد ئەم ڕەنگە بەهای خۆی هەبووە، ئەمەیش وایکردووە، ڕەنگی سەوز لە هەڵبژێردراوێکی کلتورییەوە، بەرگێکی ئایینی بەسەردا بدرێت و بە پیرۆزێکی ئایینی دابنرێت، لە کاتێکدا لە هیچ شوێنێکی ئاییندا باسی پیرۆزی ڕەنگی سەوزی نەکردووە، بەڵام وەسفی کۆمەڵێك بابەتی پێکراوە، ئەم وەسفە وای کردووە، تێگەیشتنێکی ئایینی بۆ ڕەنگی سەوز و تەنانەت شینی سەوزباو (پیرۆزەیی، لە خوارەوە باسیدەکەین) بکرێت و فۆرمێکی زمانیش بۆ ئەم ڕەنگە دابنرێت.

**ب.چاوەزار:** پێکهاتەی وشەکە (چاو + ە+زار)، دەکرێت بە ئەم شێوەیە بێت (**چاو +ە+ ئازار**) وشەیەکی (چاو)، بە دەنگی /و/ کۆتایی هاتووە، ئەم دەنگە لە وشەی (چاو) نەبزوێنە، بەڵام کاتێك لەگەڵ (ئازار) لێکدراون، وشەکان لە ڕووی بڕگەییەوە تێکەڵ بەیەکتری بوون، ئەو کات ئاوا (چا/ وە/ئا/ زار) بڕگە دەکرێن، ڕۆشتنی دەنگی / ئـ/ لە زمانی کوردیدا لە کاتی لێکداندا ئاساییە و زۆربەی کات (ماست + ئاو = ماستاو) دەکرتێت، ٢١، لە ئەو وشەیەیشدا، کاتێك / ئـ/ کرتاوە، بزوێنی /ا/ لەگەڵی خۆیدا بردووە، چونکە لەگەڵ وشەی دوای خۆیدا، گونجاوە بۆ دەربڕین. وشەی "چاوەزار" بۆ دیاردەی چاوپیسی لە زمانی کوردیدا بەکارهاتووە، چاوپیسی لە ئاییندا هەیە و باسکراوە، چارەسەریشی (وێرد خوێندنی) بۆ دانراوە، بەڵام کوردەواری بۆئەوەی لە ئازاری چاوپیسی دووربێت کۆمەڵێك بابەت و چارەسەری تری بۆداناوە، ئەویش لە ئەمانەی خوارەوەدا دەبینرێتەوە:

**٤.ب) هەڵواسینی چاوەزار:** مورویی شینباو و پیرۆزەی سەوزباو بە بێشکە و بە ڕووکاری دەرەوەی ماڵانەوە.

**٥.ب) هەڵواسینی کەللەسەری کەڵە ئاسك:** بە وشککراوەیی، ئەمەیش دەتوانرێت ئەوەی لێهەڵبهێنجرێت (سترۆتایپیانە)، کە ئەم کەڵە ئاسکە، چاوی پیس لێداوە، ئاوا سەری بە وشکراوەی هەڵواسراوە، بە کەسی چاوپیس ناڕاستەوخۆ دەڵێت: ئیتر بەسە ئەم کارە ناشرینە.

**٦.ب) ناڵی گوێدرێژ (کەر):** لە نێو ماڵی کوردەواری ئەم جۆرەیش دەبینرێت، یان بینراوە، چونکە لە پێشیناندا ئەم گیاندارە، مرۆڤی گواستووەتەوە، میوەی پێفرۆشراوە، جووتی پێکراوە، بەهای زۆر بووە و وەك جۆرێك لە ئۆتۆمبیل "خۆگەڕ" و تراکتۆر بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی گرنگبووە، هەڵواسینی ناڵی ئەم گیاندارە ئەم واتا (سترۆتایپیانەی) لێهەڵدەهێنجرێت: **ئەم گوێدرێژە کە ناڵەکەی لێرەدا هەڵواسراوە، بە چاوی پیسەوە بووە، واتایەکی تریش دەکرێت لێهەڵبهنجرێت: کە ئەگەر چاومان لێبکەیت، چاوت بەژێر ناڵی گوێدرێژەوە بێت.**

**٧.ب) چاوەزار:** دەتوانرێت بە ئەم شێوەیەیش لێکبدرێتەوە. (چاو+ ە + زار)، لێرەدا "زار" مەبەستی زمانە و دەربڕاوەکانی زمانە، کە لە ڕێگەی ئامرازی زمانەوە لە شێوەی سەرسوڕمان، یان چاولێکردنی لە ئەوی تر دێتەئاراوە، بۆ نمونە:

٧ب) ١. ئای لە ئەو هەمو مولکە!

٧ب) ٢. ئەو هەموو جوانییە چییە!

٧ب) ٣. لە دووڕۆژدا ئەمانەت لە کوێ بوو!


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەگەر تەماشای ڕستەکان (٧ب: ١-٣) بکەین، کە هەموویان بە شێوەی سەرسوڕمان بەرانبەر کەسێك دەربڕاون، لە کوردەواریدا، لە بری خۆپارێزی لە ئازاری ئەم جۆرە زمانە کۆمەڵێك کەرەستەی وەك: کەللەی ئاسك، ناڵی گوێدرێژ و کەرەستە و کانزایان هەڵواسیوە، تا ڕێگر بێت لە ئازاری ئەم جۆرە ڕستانە و زیانی پێنەگەیەنێت، ئەم دوو لێکدانەوە سترۆتاپییە، واتاکانی چاوەزار و چۆنییەتی بڵاوبونەوەی ئەم بارودۆخە بەنێو خەڵکی کوردستاندا و چۆنییەتی تێگەیشتنیش لە ئەم بابەتە باشتر ڕووندەکاتەوە.**

**پ. پیرۆزەیی:** ئەم ڕەنگە لە نێو ڕەنگی مزگەوت و نزرگە و بواری گۆزەگەری جوانکاری زۆردا دەبینرێت، بە بۆچونێك پیرۆزبوونی ئەم ڕەنگە پیرۆزەییە، هۆکارەکەی بۆ نزیکی ڕەنگی پیرۆزەییە لەگەڵ وشەی "پیرۆز"دا دەگەڕێنرێتەوە، نمونەیەك لەسەر ئەم ڕەنگە لەزمانی کوردیدا دەهێنینەوە،

**٧.پ).** چەژنت پیرۆز بێت. **(بۆنەی ئاینی و هەڵهێنجانی واتای ئایینی هەیە)**

**٨.پ).** چوونە نێو ژیانی نوێت، پیرۆز بێت. **(بۆنەی کۆمەڵایەتی، کە زۆربەی کات لە چێوەی ئایینیدایە)**

**٩. پ). پیرۆزە، بە یەکەم دەرچویت. (بۆنەی کۆمەڵایەتی)**

**١٠.پ)** ڕەنگی کراسەکەی کوردەخان، پیرۆزەییە. **(ئاخاوتن و گفتوگۆی کۆمەڵایەتی)**

**کاتێك تەماشای نمونەکانی (٧-١٠پ) دەکەین، ناوەڕۆکی ئەم ڕەنگە، ناوەڕۆکێکی ئایینی هەیە و بۆ خۆشی و شادی کۆمەڵایەتی و دەربڕینی شادی چەژنی ئایینی (ڕەمەزان، قوربان) بەکاردەهێنرێت، هاوکات بۆ بۆنە کوردییەکانی وەك نەورۆز و سەری ساڵە نوێییەکانیش بەکاردەهێنرێت، لە بواری کۆمەڵایەتی و ئاخاوتنی ئاسایشدا بەکاردەهێنرێت وشەیەکی چالاکی زمانی کوردیشە.**

**لە فەرهەنگی عەمیدی زمانی فارسیدا "پیرۆزەیی" بە ئەم شێوە ناسێنراوە ((پیرۆزەیی: یەکێکە لە بەردە بەنرخەکان، کە ڕەنگی ئاسمانییە، کە لە کانزاییەوە "لە زەوییەوە" بەدەست هاتووە، زۆرتر وەك بەردێکی جوانکاری لە سەر مستیلە بەکاردەهێنرێت، لە هەندێك شوێنی وەك: نیشاپور، کرمان، فارس، ئازەربایجان هەیە و دەستدەکەوێت ))٢٢، لە ئەم فەرهەنگەدا، بە ڕەنگێکی ئاسمانی ناوبراوە و دواتر بەردێك کە ڕەنگی لە ڕەنگی ئاسمان دەچێت، بە (فیروزە / فیروزی) ناونراوە.**

**پیرۆزەیی لە زمانی کوردیدا بە هەمان شێوەیە، کە ڕەنگی ئاسمانی "شین" دەگرێتەوە. لە زمانی کوردی وشەی (پیرۆز) پاشگری واتایی (-ەیی) خراوەتەسەر و ناوی جۆرێك لە ڕەنگی پێنراوە، لە کاتێکدا وشەی پیرۆز لە زمانی کوردیدا ناوەڕۆکێکی ئایینی هەیە. ڕەنگی شین و سەوز (سەوزی شینباو، شینباوی سەوز) لە زمانی کوردیدا زۆر چالاکە و زۆربەی مزگەوتەکان و نزرگەکان (ڕەنگی سەوز، پیرۆزەیی و شین) تێدایە، ڕەنگی سەوز جۆریشی زۆرە، بۆ نمونە: سەوز ئەم جۆرانەی (قەرسیلی، قەزوانی، گیایی، سەوزباو..هتاد) هەیە، بەڵام لە ڕووی ئاینییەوە پیرۆز نییە، چونکە ڕەنگی سەوز و دانانی ڕەنگی سەوز لە لایەن زۆرێك لە وڵاتانەوە لە ئاڵاکانیاندا هەیە و مسوڵمانیش نییە و کەسیش قسەی لەسەر ناکات، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت (لێهەڵدەهێنجرێت: سترۆتاپییانە) کە ئەم ڕەنگە، ڕەنگێکی سروشتییە و ئایین بەرگریی لە ئەم ڕەنگە ناکات و سنوریشی بۆ بەکارهێنانی دیارینەکردووە، لەبەرئەوە واباشترە ئێمە ڕەنگێك بەسەر ڕەنگێکی تر پیرۆز نەکەین، بەڵام دەتوانین ڕەنگێگ لە ڕەنگەکان زیاتر بەکاربهێنین و خۆشمان بوێت. سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم ڕەنگە و ڕۆڵی ئایین بۆ**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پیرۆزکردن و بە نێو کۆمەڵگاکاندا بڵاوبوونەوەی ڕەنگی "**پیرۆزەیی**" وەك نمونە وەردەگرین، کە بە هۆی کاریگەری ئایینەوە، یان دەسەڵات و سیستێمی ئاینییەوە(بە تایبەت لە زمانی: عەرەبی، فارس، هیندی، کوردی، بۆ زمانەکانی تر پێویستی بە تویژینەوەی زیاتر هەیە)، لە زۆربەی زمانەکانی تریشدا بە شێوەی خشتەی ژمارە یەك دەردەکەون، ئەمەیش ڕۆڵی هەڵهێنجان و وشە وەرگرتنی زمانی و کاریگەری زمان بۆ تێگەیشتن لە ئایینمان بۆ ڕوونتردەکاتەوە.

| کوردی | فارسی | هیندی | ئینگلیزی | فەرەنسی | ئیسپانی | ئەڵمانی | تورکی | عەرەبی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیرۆزەیی | فیروزە | فروزا | تورککوارز | تورگۆسی | توکێزا | توکیز | تورکواز | فەیروز |
| – | – | – | Turquoise | Turquoise | turquesa | Türkis | Turkuaz | – |

((خشتەی ژمارە (١) ڕەنگی پیرۆزەیی لە زمانەکانی تردا)) ٢٣

هۆکاری دروستبوونی ئەم ڕەنگەیش "پیرۆزەیی" ڕەنگدانەوەی ڕەنگی ئاسمانە لە نێو ئاوەکاندا، ئاسمان خاوەنی تایبەتمەندی (بەرزی و جێگیری و فراوانییە)، ئەم تایبەتمەندیانە دەکرێت بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی پیرۆزی ئاسمان دابنرێت، لە ئاینیشدا شوێنێکی بەرزی (بۆ نمونە دەگوترێت: دەستی بەرز (بەخشین)، باشترە لە دەستی نزم (دەستپانکردنەوە) وەك ئاسمان، بە نمونەی چاکی و لەندی و بڵندی دانراوە، وەك لە خشتەی ژمارە (١)دا خرایەڕوو، لە زمانی کوردی، فارسی، هیندی، کە لەڕووی زمانەوە لە نێو خێزانی زمانێکدان "هیندۆئەورووپین" شێوەی نوسینیان زۆر لە یەکترییەوە نزیکە، بە هۆی ئایینەوە فۆڕمی وشەکەیش لە نێو زمانەکانی تردا دەستاو دەستی پێکراوە، لە زمانی عەرەبیش (فەیروزە) زۆر نزیکە لە فۆڕمی کوردی و فارسی و هیندییەکەوە، بەڵام لە زمانی تورکیدا بە (**تورکواز**) کراوە، پاشان لە زمانە ئەورپییەکاندا زۆر نزیکە لە فۆڕمی وشە تورکییەکەوە، وەك دەزانین تورکیا دراوسێ جوگرافی و ڕامیاری ئەورووپایە و بۆ ماوەیەکیش دەسەڵاتی لە هەندێك شوێنی ئەورووپادا هەبووە، هاوکات بەپێی فەرهەنگی ڕەچەڵەکی وشە (ئیتمۆلۆژی)، زمانی ئینگلیزی ئەم وشەی لە زمانی تورکییەوە وەرگرتووە، زمانەکانی تریش لە ئینگلیزییەوە وەریانگرتووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

١. بەپێی تیۆری هەڵهێنجانی چێوەدار (سترۆتایپی)، دوو جۆر واتامان هەیە، جۆری یەکەم: واتایەکی کلتوری و کۆمەڵایەتییە، جۆری دووەم واتای زانستییە (نوێیە). لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو هەڵهێنجانە کۆمەڵایەتییەی لە ناو دەربڕاوە زمانێکانی کورددا جێگیر بووە و لە ناو کلتوردا ڕەنگیداوەتەوە و بڵاوبووەتەوە، (وەك: ڕەنگی پیرۆزەیی، چاوەزار..هتاد) ژمارەیان بە بەراورد بە جۆری یەکەم زۆرترە.

٢. هەڵهێنجانی چێوەداری (سترۆتایپی) ئایینی، دەورێکی گەورەی هەبووە، لە دروستکردنی ناکۆکی و دروستبوونی گروپی جیاواز لە نێو کۆمەڵگادا، بۆ نمونە فرەجۆری ڕەوتی ئایینی لە کۆمەڵگای کوردەورای، لە ئاکامە بەرچاوەکانی ئەم جۆرە هەڵهێنجانانەیە.

٣. لە ڕێگەی کاریگەری زمانەوە بۆ تێگەیشتن لە ئایین، زۆربەی کات بە ناوی ئایینەوە، پیرۆزی بڵاودەکرێتەوە، لە کاتێکدا ئایین ئەو بابەتەی بەپیرۆز دانەناوە.

٤. نمونەکانی تویژینەوەکە ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، هەموو تێگەیشتنە زمانییەکان لە ئاییندا، پڕاو پڕی واتای ئایینییەکە نین، دەکرێت لە نێوان دوو تێگەیشتنی بەرانبەردا، تێگەیشتنی سێیەم لە ڕاستییەوە نزیکتربێت، کە هاوبەشی زۆرینەی هەردوو بۆچونەکەی تێدا جێبببێتەوە، چونکە لە سەرچاوەی ڕاستیەکەوە نزیکترە.

٥. ئایین بە زمان بڵاودەکرێتەوە، بەڵام کاریگەری زمانیشی بەسەرەوەیە، ئەو جۆرە زمانە سروشە چڕبووەوەی (تەرکیزییەی) بە پێغەمبەر (د.خ) دراوە، لای کەسی تر بە ئەو شێوەیە چالاك نییە.

## پەراوێزەکان

١. ئاشکرایە لە ئەم توێژینەوەدا پێویستمان بە وەرگێڕانی زارەوە دەبێت، زاراوەیەکەیش بەپێی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە واتایی پێدەبەخشینەوە، بۆ ئەوەی لە تەك ئامراز و ئامانجی توێژینەوەکەدا جوانتر بێتەوە، لە ئەم تویژینەوەدا کە بەپێی تیۆریی (ستیریۆتایپ) لێکۆڵینەوەکە دەکەین، بە شێوەی هەڵهێنجانی واتایەکی تاکەسی، یان گروپێکی چێوەدار – وەرمانگێڕاوە، بەڵام هەمووکات (یان زۆربەی کات) زاراوەی "ستیرۆتایپ" لە کەوانەیەکدا داناوەتەوە، چونکە ئەو وەرگێڕانە پڕاوپڕ بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەکە گونجاو دێتەوە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە واتا جیاوازییەکانی تیۆرییەکە لە ڕووی مێژووییەوە ورد دەبینەوە، هاوکات باسی تیۆرییەکانی واتامان نەکردووە، لە بەر سنوری تویژنەوەکە، بۆ زانیاری لەسەر تیۆرییەکاتی واتا بڕوانە:

أ. محەمەدی مەحویی (پرۆفیسۆر) (٢٠٠٨، ٢٠٠٩)، ***<u>زانستی هێما (هێما، واتاو و واتا لێکدانەوە)</u>*** ، *بەرگی یەکەم و دووهەم، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی، بە وردی و زانستی باسی تیۆرەکانی واتا و هێما و هێما لێکدانەوەی کردووە.*


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ب. نوسەر زۆر بە وردی و زانستی باسی تیۆرەکانی واتای کردووە، هاوشانی ئەوەیش بەوردی و بە زانستی باسی تیۆری جەشنی نمونەیی (پرۆتۆتایپ) کردووە و بە کورتی بەراوردی تیۆری سترۆتایپی (نظریه القولب) کردووە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

نیان عوسمان شەریف (د) (٢٠١٧)، ***نظریه نموزج فی القصص القرانییه (قصه یوسف "علیه سلام" نموزجا)***، دارالنشتر، نور، لە لاپەڕە (١١١-١١٣) کتێبەکەیدا، بە وردی جیاوازی تیۆری جەشنی نمونەیی و تیۆری سترۆتایپی کردووە.

پ. نالی ئەدهەم غەریب (٢٠١٦)، ***درکپێکردنی میتۆنۆمی لە زمانی کوردیدا***، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، لە بەشی یەکەمدا بەشێوەی زانستی باسی تیۆرەکانی واتایی کردووە، لەبەر سنورداری لێکۆڵینەوەکە باسی مێژووی واتا و تیۆرەکانی واتامان نەکردووە.

2. http://www.etymonline.com/index.php?allowed_in_frame=0&search=Stereotype (1798)
3. http://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/stereotype?fallbackFrom=english-arabic&q=Stereotype.

٤. کرستین نۆردنستام (٢٠٠٩) ، ***زمان لە روانگەی ڕەگەزەوە***، و: غازی عەلی خۆرشید، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی. لاپەڕە ٣٢

٥. فهد بن عبدالرحمن الشمیمری (٢٠١٠)، ***التربییه الاعلامیه (کیف تتعامل مع العلام)***، الریاض. لاپەڕە (٨٥-٨٨) کە تێدا جیاوازی تیۆری چەشنی نمونەیی و تیۆری هەڵهێنجان بەوردی و بە وێنەوە دەکات.

٦. هەردوو وێنەکە لە سەرچاوەکە عەرەبییەکەوە وەرگیراون، بەڵام لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەدا شیکردنەوەی تایبەتی بۆ کراوە، بۆ بینینی وێنەکان و شیکردنەوەکانی لە بورای ڕاگەیاندا بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٠: ٨٥، ٨٨)

7. McCarty, Craig, et al. ***Stereotype as Explanations: The formation of meaningful beliefs about social groups***, (٢٠٠٢:٢)Cambridge University Pres.

٨. سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٠: ٢)

٩. بۆ دروستکردنی ئەم هێڵکارییە، سودمان لە هێڵکارییەکی ئەم سەرچاوەیە وەرگرتووە، کە بۆ مەبەستی **دروستەی کۆزانیاری** زمانی دروستیکردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شیلان عومەر حسێن (پ.ی.د) (٢٠١٤)، **زمان پەرەپێدانی مرۆیی**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی بی، لاپەڕە (٧٨)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٠. تیۆری هەڵهێنجانی چێوەدار (سترۆتایپ) نزیکی زۆری لە تیۆری جەشنی نمونەیی(پرۆتۆتایپ) هەیە. دەتوانرێت بگوترێت کە ((پرۆتۆتایپ، نواندنێکی ئاوەزییانە "زهنیانە و چەمکیانەیە" بۆ تایبتمەندییەکانی وشەکان (کەتیگۆرییەکان)، نەك نواندنێکی ئاوەزییانە بۆ شتێك، یان بابەتێکی نمونەیی لە وشەکاندا (کەتیەگۆرییەکاندا)، واتە پرۆتۆتایپ ئەو واتایەیە، کە هەموو کات لە شتێکدایە و لێنابرێت و لێیدورناکەوێتەوە، بەڵام ستریۆتایپ، ئەو جۆرە تێگەیشتنەیە لە واتای وشە سەرەکییەکانە "کەتیگۆرییەکان"وە هەڵدەهێنجرێت، لە واتای سەرەکێکەوە زۆر نزیکترە، یان لە واتای سەرەکی دوورە )) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە نیان عوسمان شەریف (د) (٢٠١٧)، *__نظریە نموزج فی القصص القرانییە (قصە یوسف "علیە سلام" نموزجا)__*، دارالنشتر، نور، لە لاپەڕە (١١١-١١٣).

١١. بۆ زانیاری زیاتر لە دروستبوونی مرۆڤ، لە ڕوانگەی ئایینەوە، لە ئادەمەوە تا دواپەیامبەری مرۆڤایەتی، بڕوانە: محمد بن جریر گبری (٢٠١٠)، *__مێژووی تەبەری (بەرگی یەکەم و دووەم)__*، و: زانەر محمد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاو بڵاوکردنەوەیچوراچرا، سلێمانی.

١٢. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

ا.بەهمەن تایەر نەریمان (٢٠١٣)، *__کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی__*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، لاپەڕە (١٨)، هاوکات لە تویژینەوەکەیدا بەشێوەیەکی زانستی بەوردی کاریگەری ئایینی ئیسلامی لەڕووی فۆڕمەوە بۆ سەر زمانی کوردی ڕوونکردووەتەوە.

ب. ئومێد بەرزان برزو(پ.ی.د): کاریگەری ئایینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی (٢٠١٣) گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٥: ٩٩-١٢٦)، لە ئەم تویژینەوەدا، بە شێوەیەکی بابەتیانە و زانستییانە ئەوە خراوەتەڕوو کەئایین، کاریگەری لەسەری لە سەر زمانی کوردی ( زیاتر لە ڕووی فۆڕمەوە) کردووە، بۆ زاینیاری زیاتر بڕوانە: ئومێد بەرزان برزو (پ.ی.د): کاریگەری ئایینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی (٢٠١٣:١٠٠) ، کە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٥)دا بڵاوکراوەتەوە، لە ئەم تویژینەوەدا ئەو وەرگرتنەی لێمان وەرگتووە، ئەویش، لە دیوانی نالی (٩٧٦:٢٣١-٢٥) وەریگرتووە، کە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و فاتح عبدالکریم، چاپی سێهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٣. تەماشای ڕاڤەی هەردوو سورەتی (المزمل، المدپر) بکە، بەوردی کاریگەری و قورسی سروشمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە پێویستە پێخمبەر "د.خ" خۆی زیاتر ئامادەبکات. بورهان محەمەد امین، تەفسیری ئاسان، چاپی پێنجەم، ٢٠٠٦، لاپەرە: (٥٧٤ -٥٧٥ )

١٤. لێرەدا بە وردی باسی دروستکردنی سیلۆجیزم دەکات، لۆجیکی ئەرستۆ بە لۆجیکی سیلۆجیزمی ناسراوە، بەڵام ئەرستۆ سیلۆجیزمی نادروست دەخاتە لاوە و باسی سیلۆجیزمی دروست دەکات، کە ئاکامەکانیان پێویستیانە لە پێشەکییەکانەوە دەربچن..هتاد، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك دوای بینینی هەموو قەلە ڕەشەکانی دەوربەری بە ئەو ئاکامە بگات، کە هەموو

قەڵێك ڕەشە، بە دۆزینەوەی قەڵێکی سپی ئاکامەکەی پوچەڵدەبێتەوە، بەڵگەهێنانەکەی نادروست دەردەچێت، ئەم بابەتە زۆر جار لە نێو جەنگ و ناکۆکێکیان کارپێدەکرێت بۆ ڕەزامەندبوون و کۆبوونەوەی کۆڕایەك لەسەر بابەتەێك، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد کەمال (د) (٢٠١٦)، ***لۆجیکی هیگڵ***، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی لاپەڕە (١٥–٣٥)، لە ژێر ناونیشانی سەرەتا بۆ تێگەیشتن لە واتای لۆجیك، بەوردی ئەم بابەتە شەنوکەوکردووە.

١٥. بۆزانیاری زیاتر لەسەر خەلیفەکانی ڕاشدین، بڕوانە: صلاح عبدالفتاح الخالدی (٢٠١١)، ***خەلیفەکانی ڕاشدین لە نێوان جێنشیبوون و شەهیدبووندا*** و: فاتیح سەنگاوی، چاپی سێیەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی نوسینگەی تەفسیر بۆبڵاوکردنەوە، هەولێر.١٦

١٦. .شیلان عومەر حسێن (٢٠١٥) (پ.ی.د)، ***زمان پەرەپێدانی مرۆیی***، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی بی، لاپەڕە (٧٦)١٧

١٧.محەمەد ئیقباڵ لاهوری: کاتێك باسی سەرهەڵدانی بۆچوونی جیاواز دەکات، دەڵێت: تێگەیشتنی جیاواز جیاواز لەیەك دەق، فەرموودەیەك، بەسەرهاتێك، بێتەئاراوە . ئەم تێگەیشتنە جیاوازانەیش زۆرجار کۆمەڵی بچوك و گەورەی دروستکردووە، لە ژێر ناوشیانی دەرکەوتن و ڕووخانی عەقلخوازی لە ئیسلامدا زۆر بابەتی ئاینی بەوردی شەنوکەو کردووە، هاوکات باسی ئەشعەرییەکان و موعتەزیللیەکان و بابەتی تەسەوف و جیاوازی و هاوبەشی بیروبۆچوونی نێوان ئەمانە  بە وردی باس دەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:  محەمەد ئیقاڵ لاهووری (٢٠١٦)،  ***ڕەوتی فەلسەفە لە ئێران***، و: بەیان عەزیزی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، چاپی یەکەم، سلێمانی.١٨

١٨.عەبدوڵا عەبدولعەزیز کەریم، (٢٠١٧)، ***چاوپێکەوتنی تایبەت***، لە سەر ئایین ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی کارکردنی و مامەڵەکردنی لە تەك ئاییندا، کراوە ١٩

١٩. مستەفا محمد کریم زەنگەنە (٢٠٠١)، ***ڕەنگ لە زمانی کوردیدا***، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، لاپەڕە ٥٥٢٠

٢٠.لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا، بە وردی و لە ڕووانگەی زانستی زمانەوە، باسی تیۆری ڕەنگەکانی کردووە، لە بەشی دووەم باسی ڕەنگە سەرەکییەکانی لای میللەتان و میللەتی کوردیش کردووە، بەشی سێیەم  بۆ واتای گشتی ڕەنگەکانی تەرخانکردووە. سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠١:٥٥)٢١

٢١. .بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەستن و کرتاندن لە زماندا بڕوانە: بەکر عومەر عەلی (پڕۆفیسۆر) (١٩٩٢)،   **بەستن و کرتاندن لە کوردیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.٢٢

٢٢. حسن عمید، فرهنگ عمید (١٣٤١)، ***فرهنگ عمید (فرهنگ مفصل و مصور فارسی بفارسی)، چاپی هەڤدەیەم، چاپخانەی سپهر، تاران لاپەڕە ٢ ٧٨***


p-ISSN (2410-1036)    e-ISSN (2522-7130)

٢٣. https://translate.google.com/?hl=ar#en/tr/Turquoise خوێندنەوەی وشەکان لێرەوە وەرگیراوە.

* لە بواری دەنگسازیدا /..../ ئەم دوو هێڵە، نیشانەی دەنگە. واتە هەر پتێکت خستە نێوانییەوە، مەبەستت دەنگەکەیەتی کە چۆن دەردەبڕێت، هەروەها بۆ فۆنێمیش بە کاردێت، لە زانستی دەنگسازیدا هەموو فۆنێك دەنگە، بەڵام هەموو دەنگێك فۆنێم نییە.

.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان


### ا. کوردی

١. قورئانی پیرۆز

٢. بەکر عومەر عەلی (پرۆفیسۆر) (١٩٩٢)، **بەستن و کرتاندن لە کوردیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٣. بەهمەن تایەر نەریمان (٢٠١٣)، ***کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی،*** نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٤. سەلاح عبدالفتاح الخالدی (٢٠١١)، ***خەلیفەکانی ڕاشدین لە نێوان جێنشیبوون و شەهیدبووندا*** و: فاتیح سەنگاوی، چاپی سێیەم، چاپ و بلاوکردنەوەی نوسینگەی تەفسیر بۆبلاوکردنەوە، هەولێر.

٥. محەمەدی مەحویی (پرۆفیسۆر) (٢٠٠٨)، ***زانستی هێما (هێما، واتاو و واتا لێکدانەوە)*** ، ***بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی.***

٦. محەمەدی مەحویی (پرۆفیسۆر) (٢٠٠٩)، ***زانستی هێما (هێما، واتاو و واتا لێکدانەوە)*** ، ***بەرگی دوهەم، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی.*** ٧

٧.محمد بن جریر تەبەری (٢٠١٠)، ***مێژووی تەبەری (بەرگی یەکەم و دووەم)،*** و: زانەر محمد، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی خانەی چاو بلاوکردنەوەیچوراچرا، سلێمانی.

٨. محەمەد کەمال (د) (٢٠١٦)، ***لۆجیکی هیگل***، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٩. محەمەد ئیقاڵ لاهووری (٢٠١٦)، ***ڕەوتی فەلسەفە لە ئێران***، و: بەیان عەزیزی، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی، بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٠. مستەفا محمد کریم زەنگەنە (٢٠٠١)، ***ڕەنگ لە زمانی کوردیدا***، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١١. کرستین نۆردنستام (٢٠٠٩) ، ***زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە***، و: غازی عەلی خۆرشید، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٢. نالی ئەدهەم غەریب (٢٠١٦)، ***درکپێکردنی میتۆنۆمی لە زمانی کوردیدا***، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

### ب. گۆڤاری زانستی

١. ئومێد بەرزان برزو(پ.ی.د): کاریگەری ئایینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی (٢٠١٣) گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی.

٢. شیلان عومەر حسێن (پ.ی.د) (٢٠١٤)، **زمان پەرەپێدانی مرۆیی**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی بی.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پ. چاوپێکەوتنی تایبەت**

**عەبدوڵا عەبدولعەزیز کەریم نێرگسەجاڕی (مامۆستای ئایینی و بیرمەند) (٢٠١٧)، *لەسەر ئایین و ناوەڕۆکی ئایینی، چونییەتی تێگەشتنیش لە ئایین*، پرسیار و گفتوگۆی زانستیمان لەگەڵ کردووە، سلێمانی.**

**ت: بە زمانی فارسی**

١. حسن عمید، فرهنگ عمید (١٣٤١)، ***فرهنگ عمید (فرهنگ مفصل و مصور فارسی بفارسی)*، چاپی هەڤدەیەم، چاپخانەی سپهر.**

***ج: بە زمانی عەرەبی***

١. **فهد بن عبدالرحمن الشمیمری** (٢٠١٠)، ***التربییە الاعلامیە (کیف نتعامل مع العلام)*، الریاض.**

٢. نیان عوسمان شەریف (د) (٢٠١٧)، ***نظریە نموزج فی القصص القرانییە (قصه یوسف "علیه سلام" نموزجا)*،** دار النشتر نور.

**د. بە زمانی ئینگلیزی**

1. McCarty, Craig, et al. ***Stereotype as Explanations: The formation of meaningful beliefs about social groups***, (٢٠٠٢:٢)Cambridge University Pres.

**ح. پێگەی ئەلیکترۆنی**

1. http://www.etymonline.com/index.php?allowed_in_frame=0&search=Stereotype (1798)
2. http://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/stereotype?fallbackFrom=english-arabic&q=Stereotype.
3. **https://translate.google.com/?hl=ar#en/tr/Turquoise**

الـخلاصة

هذا الـبحث، الـمعنون (تأثيـر الـلـغة في فهم الـدين – الـتعابيـر في الـلـغة الـكوردية أنـموذجا)، خطوة علـمية يـمكن أنْ يُطَوّر، ويدرس دراسة مستفيضة . يعد الـموضوع الـمقتـرح ذا أهمية في علـم الـلـغة ، وقد أوضح الـباحث في بـحـثـه هذا تأثيـر الـلـغة في فهم الـدين وكيفية هذا الـتأثيـر، لأن الـدين وحي غيرناطق، ولـكن لا ينـتـشر بدون لـغة، فيمكن أن تسمَّى هذه الـلـغةُ لـغةَ إشارات الـوحي أو الـتركيز. من جانب آخر فإن الـدين أيضا تـمّ تدوينه ونشره من خلال الـنصوص الـلـغوية، وهذا أدى إلـى أن يكون فهم الـدين واقعا تحت تأثيـر الـلـغة، ومن ثم أدى ذلـك إلـى الابتعاد عن الـمقصود الأصلـي الـمراد، وإعطاء قدسية؛ ما أمر الـلـه بها؛ لـبعض الأفهام باسم الـدين.

وقد تـم في هذه الـدراسة، الـبحث عن الـتأثيرات الـلـغوية في فهم الـكورد لـلـدين عبـر الـتعابيـر الـلـغوية. وقد تطلـب الـتقسيم الـمنهجي لـلـبحث أن يتكوّن من قسمين: تم توضيح الاستنباط أو الاجتهاد الـشخصي والـجماعي من الـدين وفهمه؛ في الـقسم الأول . وتوضيح ما سبق عـبـر أمثلـة متعددة في الـقسم الـثاني. وفي الـنتيجة، وصل الـباحث إلـى نتيجة أن كلَّ ما نشر باسم الـفهم الـلـغوي لـلـدين لـيس شرطا أن يكون مطابقا تـماما لـلـدين نفسه، وقد يكون بين فهمين متضادين لـلـدين، فهمٌ ثالـث يكون أقرب إلـى الـحقيقة ويتضمن أكثر الآراء الـموجودة في الـفهمين الآخرين.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

This research, entitled (**The Effect of Language on Understanding Religion - Expressions in Kurdish Language is a Model**), is a scientific attempt that can be developed and studied in depth. The proposed topic is important in linguistics. In this study, the researcher explained the influence of language on understanding religion and how it is affected, because religion is a non-linguistic revelation, but it does not spread without language. This language can be called the language of signs of revelation or concentration. On the other hand, religion was also written and published through linguistic texts, and this led to the understanding of religion under the influence of language, and thus led to distance from the intended original intention, and give sanctity.

In this research, the study of linguistic influences in the understanding of the Kurds of religion through linguistic expressions. The systematic division of research has to be divided into two parts: the personal or collective interpretation of religion has been clarified and understood; explain the above through multiple examples in Section II. As a result, the researcher came to the conclusion that everything published in the name of the linguistic understanding of religion is not a requirement that it be exactly identical to religion itself, and may be between two opposing ideologies of religion, the third is closer to the truth and contains more opinions in other minds


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)